ئینجا کچە ئاقڵەکەم لە بەهەشت خەم و خەفەت نیە ماندووبوون نیە دابڕان و دڵ شکانی یەکتر نیە پیری نیە چلکنی و دڕانی جل و بەرگ نیە تەنها خۆشی و ڕابواردنە لەو بەهەشتە هەرچی دڵ حەزی لێیە هەیە هەتا هەتا واتە تا ئەبەدی تێدا دەمێنینەوە.

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ  (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَنْعَمُ لَا يَبْأَسُ، لَا تَبْلَى ثِيَابُهُ وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُ) صحيح مسلم.

واتە: ئەبو هریرە (الله تعالی لێ ڕازیبێت) دەڵێ: پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ فەرموویەتی: هەر کەس بچێتە بەهەشتەوە هەمیشە بەهرەمەند دەبێت و ناخۆشی بەسەردا نایەت، نە جلوبەرگی کۆت و داڕزاو دەبێت و نە تافی لاویشی بەسەر دەچێت.

بۆیە بیزانە کچەکەی خۆم پاداشتی نازو نیعمەتی ئەم بەهەشتە لە بری ماندوبوون و هیلاکیت بەهاوین سەرپۆشەکەت لەسەر ئەکرد، هەموو ڕۆژ قورئانت ئەخوێند و لە ڕەمەزان بە ڕۆژوو بوویت، لە نوێژەکانت گەرم و گوڕ بوویت بۆیە الله تعالی لە بەرامبەر پابەندبوونت بە فەرمانی دەتخاتە بەهەشت، تاکو بە یەکجاری بحەسێتەوە.

چونکە خۆت دەزانی کچەکەم لە دونیا هیچ ئیسراحەت و خۆشیەکی وا نیە تامی لێبکەین، سەیر بکە چەن ماندوو دەبین بەماڵەوە قاپ دەشۆین خواردن دروست دەکەین، ماڵ پاك ئەکەینەوە، جل ئەشۆین، زۆر ماندوو دەبین ڕۆژانە بێزار دەبین، نازانین چ خواردنێک دروست بکەین، گشت ڕۆژەکان دووبارەن، بەیانی نان دەخۆین، خەمی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆمانە چی بکەین، نیوەڕۆ دەخۆین خەمی ئێوارەمانە نازانین چ دروست بکەین، بۆیە کچە جوانەکەم بیربکەوە بزانە چەند ماندوو دەبین بەماڵ کوا خۆشی و ئیسراحەت لەم دونیا تۆ بیربکەوە ئەگەر بچیتە

